ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
54
25 ی شوبات/ فێبریوەری 2023

## هەرجۆرە ئیمتیازدانێکی حزبە دەسەڵاتدارەکان بە پیاوسالاری و دەستەوتاقمی کۆنەپەرست لەسەر حسابی ماف و کەرامەتی ژنان، تاوانە بەرامبەر بە ژنانی کوردستان!



## بەبۆنەی ٨ ی مارسەوە!

موحسین کەریم

٨ ی مارس وەکو بۆنەیەکی خەباتکارانەی ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز بوەتە بەشێک لەمێژووی هەڵسوڕان و نەریتێکی سیاسی و جەماوەری بزوتنەوەی یەکسانیخوازی لە کوردستان. لەهەمانکاتیشدا بوەتە ئامانجێکی هێرش و پەلاماری ڕەوتە کۆنەپەرستیە دینی و ناسیۆنالیستیەکان. دژایەتی ئەوان بۆ ٨ی مارس، دژایەتیکردنیانە بۆ مافە سەرەتاییەکانی ژنان و بۆ هێشتنەوەی نایەکسانی و پلەدوویی ژنان و کۆتوبەندکردنی ئازادیەکانی ژنان.

مێژووی تازەی کوردستان، لە گۆشەیەکیدا بەرامبەرکێی نێوان ئەو دوو ڕەوت و ئاڕاستەیە بووە. هەمیشە ڕەوتە ئیسلامیەکان و بەپاڵپشتی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆی حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردایەتی، هەوڵیان داوە فەزای کۆمەڵگا دژی ژنان ئالودە بکەن. هەرجۆرە ماف و ئازادیەکی ژنیان بە بەرەڵایی و بەدڕەوشتی ناوزەدکردوە. خواستی یەکسانی ژنیان بەکوفر و پیچەوانەی دەقە ئاینیەکانی ئیسلام لێکداوەتەوەو دژی وەستاونەتەوە. دژایەتی هەر جموجوڵێک و بزوتنەوەیەکیان کردوە کە بەرگری لە ئازادی و یەکسانی ژنان کردوە. سڵیان لە بەخشینەوەی بۆگەنترین تۆمەت و پڕوپاگەندەی چەواشەکارانە دژی ئەو کەس و لایەنانە نەکردۆتەوە کە باسی مافەکانی ژنانیان کردوە بەمەبەستی هەڵخڕاندنی فەزای کۆنەپەرستی ناو کۆمەڵگا لە دژیان. پەنایان بۆ توندوتیژی و تیرۆری هەڵسوڕاوان بردوە و تاد... بەڵام بەرامبەر بەو هێرشە هەمەلایەن و هاوبەشەی کۆنەپەرستانی ئیسلامی و ئەحزابی

بۆ لاپەڕە ٢



## گفتوگۆی بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

لەگەڵ **خەسرەو سایە**

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حزب

دەربارەی پلینۆمی ٢٦ ی کۆمیتەی ناوەندی

بۆ لاپەڕە ٣



## هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی هەرێم و گەڕانەوە بۆ بەغداد!

عوسمان حاجی مارف

بۆ لاپەڕە ٦

## بەیاننامەی حزبی حیکمەتیست (خەتی ڕەسمی)

## کۆمۆنیستەکان و پێشهاتەکانی ئێران

## ئامادەکاری بۆ شەڕی کۆتایی!

بۆ لاپەڕە ٨

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# درێژەی.....بەبۆنەی ٨ ی مارسەوە!

دەسەڵاتدار، بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و هەڵسوڕاوان و ژنان و پیاوانی ئازادیخواز سەرسەختانە بەرگریان لە خۆیان و ئامانجەکانیان کردوە. ئەم ململانێیەی نێوان ئەو دوو ڕەوتە لە قۆناغی جیاوازدا هەورازو نشێوی بەخۆوە بینیوە، بەڵام وەکو جەنگێکی بەردەوام لە کۆمەڵگای کوردستان بەردەوام بوە.

ئەحزابی دەسەڵاتداری کوردایەتی، ئەگەرچی خۆیان لەجەوهەردا دژە ژن و کۆنەپەرست و دواکەوتوون، بەڵام بەردەوام لەپێناو بەرژەوەندی سیاسی خۆیاندا لەسەر حسابی ژنان و ماف و ئازادیەکانیان و هەر دەنگێکی یەکسانیخواز و ئازادیخوازی کۆمەڵگای کوردستان، ئیمتیازاتیان داوە بە ڕەوتە ئیسلامیەکان و ئەوانیش لەسایەی ئەم دەرفەتەی پێیانداوە دژایەتی خۆیان بە ئاشکراو بەشێوەیەکی فراوانتر بۆ هەرچی شتێک ڕاگەیاندوە کە بۆنی مەدەنیەت و پێشکەوتن و ئازادیی ژنانی لێدێت.

لەماوەی ڕابردوودا، لەسایەی ئەم هاوکاریەی حزبە دەسەڵاتدارەکانەوە، ڕەوتە ئیسلامیەکان دەستیان دایە هێرش و پەلامارێکی بەبەرنامە بۆسەر ژنان و مافەکانیان و بگرە بۆ شکاندنی کەسایەتی ژنان. ئەو ڕەوتانە بەئاشکرا پروپاگەندەی فرە ژنی دەکەن، دەیانەوێ ڕەواج بە زەواجی مسیار و موتعە بدەن و ژنان و کچانی کوردستان وەکو کاڵایەکی سێکسی دەستاودەست پێکراو مامەڵە دەکەن! حەملەیەکیان دژی پرسی یەکسانیی جێندەری بەرێخست و هەرچی درۆو قسەی پووچ بوو دژی هەڵسوڕاوانی ئەو مەیدانە هەڵیانڕشت. تەنانەت لە هەندێ زانکۆ ڕێگایان گرت لە پێشکەشکردنی هەرباسێک تایبەت بێت بەو مەسەلەیە! دەسەڵاتیش وەکو چاودێرێکی بێلایەن تەماشای ئەم ڕوداوەی دەکرد! لەوەش واوەتر، باڤل تاڵەبانی، بکوژوببڕی یەکێتی، حەملەیەکی ئیمانی هاوشێوەی ئەوەی بەعسی ڕاگەیاندو پاشانیش کەوتە ماچکردنی لاملی شێخی سەلەفی و دەرویش و مەلا دەمشرەکان و دەستئاوەڵاکردنیان لە هێرش و پەلامارەکانیان بۆسەر ئەو ترووسکاییەی مەدەنیەت و ئازادیخوازیەی کە لە کوردستان و بەتایبەتی لەسلێمانی ماوەتەوە!

هەڵبەتە ئەم هێرشەی ئیسلامیەکان و ئەم لامل ماچکردنەی سەرانی ڕەوتە ئیسلامیەکان لەلایەن باڤل تاڵەبانیەوە، نیشاندەری یەک ڕاستیە، ئەویش پەلەقاژەی نزیکبونەوەیانە لەکۆتایی ژیانی سیاسی و دەسەڵاتیان، بەهۆکاری کاریگەری ئەو بزوتنەوە شۆڕشگێڕانەیەی ئێستا لەئێراندا لەلایەن ژنان و گەنجان و کرێکارانەوە بۆ ڕوخانی ڕژێمی ئیسلامی ئێران و دژ بە بەهاو یاساو نەریتە کۆنەپەرستە ئیسلامیەکان بەرێکەوتوە. بزوتنەوەی یەکسانیخوازی لە ئێراندا هەمیشە کاریگەری لەسەر ئەو بزوتنەوەیە لە کوردستانی عێراق و بگرە عێراقدا هەبوەو هەیە. هەروەکو چۆن سەربەرزکردنەوەی ڕەوتە ئیسلامیەکانی کوردستان بەرهەمی هاتنەسەر دەسەڵاتی ڕژێمی ئیسلامی ئێران بوون، ئاواش شکستی ئەو ڕژێمە مانای کۆتایی ئەم ڕەوتە ئیسلامیانە و هەروەها سەرگەردانی و سەرلێشێواوی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیە، بەتایبەتی یەکێتی کە ساڵانێکی زۆرە لەئێرانەوە سەرکردایەتی دەکرێ!

کەواتە ٨ ی مارس ئەمساڵ لە هەلومەرجێکی تایبەتیدا یاد دەکەینەوە کە لەلایەکەوە کۆنەپەرستی ئیسلامی و کوردایەتی هەوڵەکانی خۆیان چڕکردۆتەوە بۆ هێرشکردنە سەر ژنان و مافەکانیان و بۆ سەر بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و لەلایەکی دیکەشەوە شۆڕشی ژنان و کچان و گەنجانی ئێران کە پاڵپشتێکی گەورەی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی کوردستانە و دەتوانێ مایەی هێزو توانا بەخشین بێت پێی!

بەوجۆرەی کە ڕەوتە ئیسلامیەکان و ئەحزابی کوردایەتی دەسەڵاتدار هەموو هەوڵەکانیان بەرێخستوە بۆ پاشەکشەکردن و بەشکستکێشانی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی بەگشتی و بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان بەتایبەتی، و تەنانەت ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازیش دەستی بەعەبای ئیسلامەوە گرتوە، پێویست دەکات کە ژنان و پیاوانی یەکسانیخوازو ئازادیخوازیش کەمەری خۆیان توندبکەنەوە بۆ ئەنجامدانی هێرشی پێچەوانە! دەبێ کۆنەپەرستانی ئیسلامی و ناسیۆنالیست لەسەر جێگای خۆیان دابنرێنەوە! دەبێ هیچ مەلایەکی دەمپیس جورئەت نەکات باسی فرەژنی و بەکەمزانینی ژنان و زەواجی مسیار و موتعە بکات. دەبێ هیچ کۆنەپەرستێکی دژە ژن جورئەت نەکات تۆمەت بۆ خوێندکارانی کچ هەڵبەستێت و پێوانەی ئەخلاقی ئیسلامی بکاتە بالای کەسایەتی ژان و کچانی کوردستان! نابێ هیچ کۆنەپەرستێکی ئیسلامی تۆمەت ئاراستەی هەڵسوڕاوانی ژنان بکاتو هەڕەشەیان لێبکەن! نابێ لە دەسەڵاتدارانی کوردایەتی قبوڵ بکرێ کە مامەڵە بە ماف و ئازادیەکانی ژنانەوە بکات! ئەم کارە ئێستا لەتوانادا هەیە، چونکە بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان ئەزمونی پێشتری هەیەو گۆڕانکاریەکانی ئێرانیش دوژمنەکانیان لاوازدەکات و پشتیوانەیەکی بەهێزیش بۆ ئەمان دابین دەکات.

★

ئۆکتۆبەر
ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
سەرنوسەر : موحسن کەریم
ڤایبەر: 07700475533
مۆبایل:0044(0)7394013135
oct.1917@yahoo.com
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک:
October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر
ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!

# گفتوگۆی بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر لەگەڵ خەسرەو سایە سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حزب دەربارەی پلینۆمی ٢٦ ی کۆمیتەی ناوەندی

**ئۆکتۆبەر: هاوڕی خەسرەو هەروەک لەڕاگەیاندنی کۆتایی پلنۆمی ٢٦ی کۆمیتەی ناوەندنیدا هاتوە، کەپلنۆم لەڕۆژانی ١٠ و١١ی شوباتدا بەستراوە، سەرەتا ئەگەر بکرێ لەبارەی باس و بابەتەکانی ئەم پلنۆمەوە زانیاری زیاتر بدەن، هاوکاتیش بەرای ئێوە تایبەتمەندی ئەم پلینۆمە لەچی دایەو چ جیاوازیەکی لەگەڵ پلینۆمەکانی تری حزبدا هەیە؟**

خەسرەو سایە: پلنۆمی ٢٦ کە بەئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و ڕاوێژکاران و ژمارەیەک لەکادرو بەرپرسانی ئۆرگانەکانی حزب سازدرا، باسە سەرەکیەکانی بریتی بوو لە: ڕاپۆرتی ئۆرگانەکان، دۆخی سیاسی کوردستان و دواپێشهاتەکان، ڕیزی سەربەخۆی چینایەتی و ئیتحاد عەمەل، بەندی بڕیارەکان و هەڵبژرادن. ئەگەرچی هەرپلنۆمێک کۆبوونەوەی دەوری حزبە بۆ چاوخشاندنەوە بەکاروباری ئەو دەورەیەدا دەبەسترێت، بەڵام تایبەتمەندی پلنۆمی ٢٦ لەوەدایە کە پلنۆمێکی کاری بوو. واتە زۆرترین کاتی پلنۆم بۆ پێداچوونەوەو هەڵسەنگاندنی کاری ڕابەری و ئۆرگانەکان و ئەو مەیدانانەی کە حزب خەریکی هەڵسوڕانە تیایاندا، خرایە بەرباسەوەو پاش زیاتر لە١٢ سەعات قسەوباس کردن، پەنجە لەسەر لایەنە بەهێزو لاوازەکانی کاری ئەم دەورەیە دانراو ئاماژە بەو بەربەستانە درا کە لەسەر ڕێگای کاری حزبە، بەتایبەتیش ڕەخنە لەشێوەکاری ناکۆمەلایەتی و ئەو بۆچون و کارانە گیرا کە توانای دەخاڵەتگەری لەحزب دەسێنێ. بەواتایەکی تر ئەگەر بڵێم حزب خاوەنی ئەولەویاتی کارە و دەیەوێت هاوشانی ستراتیژێکی سیاسی کە هەیەتی، هەنگاو بەهەنگاو لەباری عەمەلەیەوە ئەو نەخشانە بەکردەوە دەربهێنی کە خەسڵەتی ئیبرازی کۆمەلایەتی حزب و دەرکەوتنی وەک هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی سەرەکی لەبەرامبەر دۆخی سیاسی کوردستاندا زامن بکا و ڕۆڵ بگێڕێ لەنارەزایەتی و کێشمەکێشە سیاسی و کۆمەلایەتیەکاندا. هاوکات لەجەرگەی کارکردن لەنیو کرێکاران و گەنجان و ژنان و بەشە نارازیەکانی کۆمەلگادا هەوڵ بدات بۆ دامەزراندنی ڕێکخستنێکی کۆمۆنیستی و سەرپێخستنی ڕیکخراوە محەلیەکانی حزب و لەئەنجامدا چالاکیەکانی حزب بەرین و فراوان بکاتەوە. پلنۆم لەم ڕاستایەدا کۆمەڵیک بریاری دەرکرد تا پێداویستیەکانی ئەم ئاراستەیە ئامادەبکاو بەسەر ئەو کۆسپانەی لەسەر ڕیگای کاری حزبدایە زاڵ ببێت. ئەمە ئەو تایبەتمەندیەیە کە پلنۆمی ٢٦ی پێدەناسرێتەوە.

**ئۆکتۆبەر: سەرباری ئەو تایبەتمەندیەی پلینۆم کە ئاماژەتان پێکرد، پلینۆم لەسەر دۆخی سیاسی کوردستان چ لێکدانەوەیەکی هەبوو هاوکات ئەو هەنگاوانە چی بوون کەپلنۆم لەراستای دۆخی سیاسی کوردستاندا بۆکاری داهاتوی حزب دایناوە؟**

خەسرەو سایە: لەبارەی دۆخی سیاسی کوردستانەوە پلینۆم زیاتر لەسەر ئەو پێشهاتانە ڕاوەستا کە لەهەلومەرجی ئێستادا بەرجەستەیە. بۆئەمەش کۆمەلێک هەنگاوی وەک سیاسەتی عەمەلی ئەم دەورەیە خستە بەرنامەی کاری حزبەوە، بەتایبەتی کە ئێمە لەزۆرکاتدا باسمان لەڕیشەو هۆکارەکانی درێژەکێشان قەیرانی حکومەتی و ئابوری لەهەرێمی کوردستان و ئەو بنبەستە کردووە کەچینی دەسەلاتدار لەکوردستان تێیکەوتوە. هەروەها باسمان لەو دۆخەکردووە کە لەعێراقدا بەدوای هەڵبژرانی پەرلەمانی عیراق و پێکهاتنی حکومەتەکەی محمد سودانی و ئەو قەیران و تەنگژەیەی کە لەنیوان لایەنە شیعی و عیراقیەکاندا هەیە و ڕاستەوخۆش کاریگەری لەسەر کوردستان هەیە. لەزۆر دیدارو وتاردا بەڕۆشنی لایەنەکانیمان باس کردووە و ئاماژامان بەڕۆڵی ئەمریکاو ئیران کردوە بەوەی کەسەرەرای ناکۆکیەکانی نیوانیان لەئاستی جیهان و ناوچەکەدا، چۆن لەهەوڵی ئارامکردنەوەی دۆخی عیراق و جێگیرکردنی حکومەتێکی هاوسەنگن کە هەم بەرژەوەندیەکانی هەردولایان بپارێزێ و هەم زەمینەکانی دەربازکردنی لایەنە عێراقیەکان بەحزبە ناسیونالیستەکانی کوردیشەوە، لەو قەیرانەی بەرۆکی پێگرتوون دەربازبکەن. دیارە لەهەموو ئەمانەشدا شکڵگرتنی هاوکێشەیەکی تازە کەوتۆتەڕێ کە بەهۆیەوە پێگەی حزبەکان چ لەکوردستان و چ لەعیراق ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە و بەپیویست هێزگەلێک دەخاتە کەنارەوە، هەروەک لەکەنارکەوتنی سەدریەکان و پێگەی ئێستای یەکیەتی نیشتمانیدا دەیبینین.. لەم چوارچێوەیەشدا پلینۆم لەهەڵسەنگاندنی دۆخی سیاسی کوردستاندا، لەسەر ئەوە راوەستا کە هەلومەرجەکە لەدرێژەی هەرئەم ڕەوەندەدایە و حزبەکانی دەسەڵاتیش لەدرێژەی هەرئەو قەیرانەدا دەستوپێ دەکوتن کە ساڵانێکە سیستەمی دەسەلاتدارێتی خستۆتە ژێر گوشارەوە. بەلام ئەو پێشهاتە تازانەی کە لەم دۆخەدا هاتۆتەکایەوە، لەپلنۆمدا قسەی لەسەرکرا ئەوانیش بریتین لە:

یەکەم، ئەو گۆڕانکاریانەیە کە لەپەیوەندیەکانی هەرێم و بەغدادا سەری هەڵداوەو دوەمیش ناکۆکیەکانی نیوان پارتی و یەکێتی و ئەو

⇦

لێکەوتانەی کە لەم خاڵانەوە هاتۆتەکایەوە. لەپەیوەند بەپەیوەندیەکانی نیوان بەغداو هەولێرەوە، بەدوای ڕێکەوتنی پارتی لەگەڵ لایەنە شیعیەکاندا بەناوی "ئیدارەی دەوڵەت"، و دواتریش هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ حکومەتەکەی سودانیدا، بڕیاربوو کێشەکانی نیوان هەرێم و بەغدا لەسەر بودجەو یاسای نەوت و گازو پێشمەرگەو کۆمەلێک بابەتی تر ڕێک بکەون، بەلام فشارەکانی دادگای فیدڕاڵ هەموو ئەو ڕیکەوتنانەی بەبێئاکامی گەیاندووە و ئاسۆی پەیوەندی نیوان هەرێم و بەغدای لەناڕۆشنی و چاوەڕوانی و کایەی دیبلۆماسیدا ڕاگرتووە، ئەمەش کوردستانی لەدرێژەی ئەو گێژاوەدا هێشتۆتەوە، کەمەعلوم نیە چ دەرهاویشتەیەکی خراپی لێدەکەویتەوە. لەسەرێکی تریشەوە دابەزینی نرخی دینار لەبەرامبەر دۆلاردا، گرانی و کەمبوونەوەی داهات و موچەی کرێکاران و فەرمانبەرانی بەدواخۆیدا هێناوەتەکایەوە.

لەبارەی ناکۆکیەکانی یەکیەتی و پارتیشەوە، قەیرانی نێوخۆی دەسەلات و پەیوەندی نیوان حزبەکانی ناپایەدارو لەرزۆک کردوە، بەرادەیەک کەبەسادەیی نەتوانن لەسەر مەسەلەکانی هەڵبژاردنی داهاتوو، چۆنیەتی ئیدراەی کۆمەلگا ڕیک بکەون. ئەوەی لەم پەیوەندەشدا تازەیە، ئەوەیە کە هەردو حزبی دەسەلاتدار هەوڵدەدەن ئیسلامیەکان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن و هەرلایە ئەویتر تەریک بکاتەوە و بەمجۆرەش فەزایەکیان لەبەردەم ئیسلامیەکاندا کردۆتەوە تا هێرشی خۆیان بۆسەر ئازادیەکان و مافەکانی ژنان و مەدەنیەتی کۆمەلگا چڕکەنەوە، بەتایبەتی حەملە ئیمانیەکەی پاڤێل تاڵەباتی بۆ دەستگرتنی ئیسلامیەکان، جارێکیتر خەبات لەدژی کۆنەپەرستی و داکۆکیکردن لەئازادیەکان و سکولاریزم و مەدەنیەتی کۆمەلگا و مافەکانی ژنانی کردۆتە یەکێک لەمەیدانەکانی خەباتی چینایەتی لەدژی دەسەلات و حزبەکانی.

لەکەنار ئەم پێشهاتانەوە، ئەوەی کە لەڕێگچارەی حزبە ئۆپۆزسیۆنە بۆرژوازیەکاندا بەرجەستەیە، گەڕانەوەیە بۆ بەغداو هەڵخراندنی خەڵکە لەسەر ئەو سیاسەتە دژی خەڵکیەی کەگوایە کێشەکانی هەرێم لەگەڕانەوە بۆ بەغداو ڕێکەوتن لەگەڵ حکومەتەکەی سودانیدا چارەسەر دەبێت..

پلنۆم لەسەر ئەم دۆخە جارێکیتر پێداگریکرد کە دەربازکردنی خەڵکی کوردستان لەو گێژاوەی کەتێی کەوتووە، بەخەبات بۆ کۆتاییهێنان بەدەسەلاتی ئێستاو ئەو یاریە گلاوەی کە ئەحزابی ناسیونالیستی کورد دەیکەن بەچارەنوسی خەلکەوە، گرێی خواردووە، دیارە ئەرکێکی ئاوا لەهێنانەمەیدان و بەرینکردنەوەو یەکگرتووکردنی نارەزایەتیە جەماوەریەکانی ئێستادایە. پلینۆم مەسەلەی دابینکردنی ڕابەری سەراسەری نارەزایەتیەکانی ئێستاو ڕێکخراوکردن و یەکگرتوکردنیان لەدەوری ئاسۆیەکی سیاسی کە بتوانێ حسابی جەماوەر لەگەڵ دەسەلات یەکلابکاتەوە، ئەمەش هەم وەلامێکە بەدۆخی ئێستاو هەم بەو ئیدعا و پروپاگەنەدە دژی خەڵکیەی کە لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان سەبارەت بەگەڕانەوە بۆ بۆغدا دەیدەن بەگویی خەڵکدا. لەڕویی عەمەلیشەوە پلنۆم بڕیارداوە کە لەم بارەوە بەیاننامەیەک بلاوبکاتەوەو هاوکاتیش لەمەیدانەکانی داکۆکی لەنان و کارو موچەو مەعیشەتی هاولاتیان و خەبات لەدژی گرانی، نارەزایەتیەکانی ئێستا پەرەپێ بداو لەهەوڵی یەکگرتوکردن و ڕێکخراوکردنی بزوتنەوەی نارەزایەتیە جەماوەریەکاندا بێ و بەپێی ئاسۆیەکی سیاسی و شۆڕشگێرانە ڕینمایی و هیدایەتیان بکات. هاوکات پلینۆم مەیدانی خەبات لەدژی ئیسلامیەکان و هەڕەشەکانییان بۆ سەر ئازادیەکان و مەدەنیەتی کۆمەلگا تەئکید لێکردو بۆ ئەمەش کۆمەلێک ئەرکی خستەدەستورەوە.

**ئۆکتۆبەر: باسێکی دیکەی پلینۆم، بریتی بوو لە "ریزی سەربەخۆی چینایەتی و مەسەلەی ئیتحاد عەمەل" کە پێدەچێت باسێک بێت کەمتر رووی لە شیکردنەوەی بارودۆخی سیاسی بێت و زیاتر بیەوێ هەندێ مەسەلەی پایەیی لەپەیوەند بە شێوازی کاری حزبەوە لەناو بزوتنەوەی چینایەتی و بزوتنەوە گشتیەکانیدا بێت. دەکرێ لەسەر ئەو مەسەلەیە رونکردنەوەی زیاتر بدەن؟ ئایا زەرورەتی ئەم باسە لە کوێوە هاتوە؟**

خەسرەو سایە: سەرەتا زەرورەتی ئەم باسە لەوێوە هاتوە کە بەدوای سەرهەڵدانی خرۆشانەکەی ژنان و گەنجان و خەڵکی زەحمەتکێشی ئێراندا، باسی کۆکردنەوەی لایەنە چەپ و کۆمۆنیستەکان، وەک ستراتیژێک بۆ شکڵدان بەئاڵتەرناتیڤی کۆمۆنیستی، لەبەرامبەر دۆخی شۆڕشگێرانەی ئێراندا، دەرکەوت. پاساوی ئەم ستراتیژەش لەژێرناوی ئەوەی دۆخەکە گۆڕدراوەو لایەنە کۆمۆنیست و چەپەکان جیاوازیەکانی نیوانیان کەسالانێکی زۆرە ڕەوتی مارکسیزمی شۆڕشگێر بەرجەستەی کردۆتەوە، لاوەکی بۆتەوەو ئێستا دەورەی کۆبوونەوەیە لە تەشەکولێکی هاوبەشدا. گوایە کۆمۆنیزم لەڕیگای کۆکردنەوەی لایەنە چەپ و کۆمۆنیستەکانەوە، کەهەلگری خەتی سیاسی جیاوازن، دەتوانرێ گەورە ببێتەوەو ڕژێمی ئیسلامی بڕوخێنی و چینی کرێکار بەدەسەلات بگەیەنێت! دیارە ئەم باسەش پێشتر لەکوردستاندا، بەناوی "پێکهێنانی بەرەی چەپ"ەوە مەترەح بوە و تائێستاش قسەی لەسەردەکرێ. لەباسێکدا کە هاورێ ڕێبوار ئەحمەد پێشکەشی کرد، ڕەخنەی ڕیشەیی لەو بۆچوونە گیرا. ئەگەر جەوهەری ئەم ڕەخنەیەش بەکورتی ئاماژە پێبکەم، ئەوەیە کە باسی یەکگرتنی لایەنە چەپ و کۆمۆنیستەکان و پێکهێنانی "بەرە" وەیا هەر تەشەکولێکی هاوشیوەی ئەمە،

لەبنەرەتەوە شێواندنی ڕیزی سەربەخۆی چینایەتی و ئیستراتیژی شۆڕشگێرانەی کۆمۆنیستەکان و تێکەڵکردنیەتی بەستراتیژی ڕەوتگەلێکی بۆرژوایی کەبەناوی کۆمۆنیست و چەپەوە خۆیان ناساندووە. ئەگەر بڕیاربێت شۆڕشی سۆشیالسیتی چینی کرێکار مەسەلەی ئەسڵی و سەرەکی کۆمۆنیستە کرێکاریەکان بێت، ئەوا ئەم خەباتە لەگۆشەیەکی سەرەکیدا، پاراستن و جیاکردنەوەی ڕیزی چینایەتی کرێکاران و ئامانجەکانیەتی لەهەر ڕەوتێکی تری بۆرژوازی کەبەناوی چەپ و کۆمۆنیستەوە، قسەدەکەن. لەراستیدا ئەوانەی باس لە" بەرەی چەپ" دەکەن لەباشترین حالەتدا، خەباتی دژە ڕژێمیان خستۆتە شوێنی ستراتیژی شۆڕشی کرێکاری. پلنۆم لەم باسەدا لەسەر نەریتی مارکس لەسەردەمی خۆیدا و لینین لەشۆڕشی ئۆکتۆبەر و ئەو دەورانە شۆڕشگێریەدا کە کۆمەلگای ڕوسیا پێیدا تێپەڕی و نەریتێک کە مەنسور حیکمەت بەردەوام پێداگری لێکردووە، ڕاوەستا. نەریتێک کە ستراتیژی کۆمۆنیستی بەپشتبەستن بە پاراستنی ڕیزی چینایەتی و جیاکردنەوەی لەسیاسەت و ستراتیژی ڕەوتە بۆرژوازیەکان کەبەرگی کۆمۆنیزم و چەپیان بەبەری خۆیاندا کردوە، وەک بنەمایەک بۆ کۆمۆنیزمی دەخالەتگەری و کۆمەلایەتیبوونەوەی، تەئکیدی لێکرایەوە. بەلام دیارە ئەمە بەمانای ئەوە نایەت کە جولانەوەی ئێمە وەک ڕیزێکی سەربەخۆی چینایەتی کاری هاوبەش لەگەڵ هیچ هیزو لایەنێکدا، نەکات، تەنانەت ئەگەر خۆشیان بەکۆمۆنیست و چەپ ناوزەد نەکەن.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر بەشەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی و کۆمۆنیزمی چینی کریکار، ئەوە لە هاوکاری عەمەلی و بلۆک و بەرە دروستیکردنیش زیاتر پێویستە. هەموو بەشەکانی بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی دژی کەپیتالیستی چینی کرێکار پێویستە لە حزبێکی کۆمەلایەتی گەورەدا یەکانگیر ببن. بەلام مەسەلەی کاری هاوبەش و بلۆک و بەرە دروستکردن لەگەل ئەو هێزو لایەنانەی کە بەخۆیان دەڵێن چەپ و کۆمۆنیست، بەڵام لەروی کۆمەلایەتیەوە بەشیک نین لە بزوتنەوەی سۆسیالیستی دژی سەرمایەداری چینی کریکار، لەژێر ناوی هاوکاری هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان، خۆی جۆرێکە لە شایەتیدانی ناڕەوا لەسەر کۆمۆنیست بونی ئەو هێز و لایەنانە. لە کاتێکدا ئەرکی کۆمۆنیزمی کرێکارییە بۆ جەماوەری کریکار و زەحمەتکێشی رون کاتەوە کە ئەوان بەشێک نین لە بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و سۆسیالیستی چینی کریکار. بەڵام لەگەڵ ئەوەدا دەکرێ نەک لەگەڵ ئەو هێزانەدا بەڵکو لەگەڵ هەر هێزێکی بۆرژوازیدا بەشێوەیەکی کاتی و بەڕوون و ڕاشکاویی و لەسەر مەسەلەیەکی دیاریکراو کەمەسەلەی خەڵک و کۆمەلگایە و دەبێتە مایەی بەدیهێنانی خواستێک وە یا گۆرانکاریەک لەماف و ئازادیەکان و مەعیشەتیاندا و سەرەنجام توانای زیاتر بەخەباتی جەماوەری ستەمدیدە ببەخشێت، بەبێ ئەوەی هیچ بەرەیەک یان بلۆکێک یان ئۆرگان و ڕێکخراوی هاوبەش دروست بکرێت، دەست بەرێت بۆ کاری هاوبەش. بەکورتی ئەو باسەی کە لەپلنۆمدا لەژێرناوی "ڕیزی سەربەخۆی چینایەتی و ئیتحاد عەمەلدا" کرا، چوارچێوەیەکی ئوسوڵی دارڕشت بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەحزاب و لایەنەکاندا.

**ئۆکتۆبەر: ئەگەر بەبڕوای تۆ ئەم پلینۆمە پەیامێکی هەیە بۆ حزب و بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستەکان و کۆمەڵگا لەم هەلومەرجە سیاسیەی ئێستادا، دەکرێ بە چەند دێڕێک پێمان بڵێی کە پەیامی پلینۆم چی بوو؟**

خەسرەو سایە: ئاراستەیەکی سیاسی کە پلینۆمی ٢٦ی حزب پێداگری لەسەر کرد ئەوەیە کە دۆخی ئێستای کوردستان ئەوەی بەرجەستە کردۆتەوە کە چینی بۆرژوازی کوردو دەسەڵات و حزبەکانی، لەبنبەست و ناکامیەکدا گیریان خواردوە کە رۆژ دوای رۆژ توانای بەڕیوەبردنی کۆمەلگا لەدەست دەدەن. بەلام ئەوەی ئەم دۆخەی هێشتۆتەوە ئەوەیە کە کرێکاران و جەماوەری نارازی، پەرشوبڵاو یەکگرتوو نین و ئاسۆیەکی شۆڕشگێرانە بەسەر خەبات و هەوڵی ڕۆژانەیاندا زاڵ نیە و لەسنوری داخوازیەکاندا ماوەتەوە. لەکاتێکدا کۆمەلگای کوردستان پیویستی بە ئالتەرناتیڤ و شۆڕشێکە کە نەک هەرخواستەکانی ئیستای خەڵک زامن دەکات، بەڵکو ڕێگای گەیشتن بەدەسەڵات و سیستەمێک دەکاتەوە کە ژیانی کۆمەلگا لەریشەوە بگۆڕێت و کۆتایی بەو بێدەرەتانی و گێژاوە بهێنی کە کۆمەلگای تێدا راگیراوە. بۆئەمەش دەبێ کرێکارانی پێشڕەو و هەڵسوراوانی بەشە نارازیەکانی کۆمەلگا، ژنان و لاوان، کارمەندان و خانەنشینان و ...تاد. لەدەوری حزبی خۆیان کۆببنەوە و ئاسۆ و ئامانجەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بەهی خۆیان بزانن. دۆخی ئیستا پێمان دەڵێت بەبێ حزبیەتی چینی کرێکارو راوەستانی جەماوەری ستەمدیدە لەپاڵ حزبی خۆیاندا ناتوانن بە ئاوات و ئامانجەکانیان بگەن، تەنانەت ئەگەر بتوانن دەسەلاتی ئیستاش وەلا بنین، ئەگەری ئەوە لەبەردەمیاندایە، کە هێزیکی تری بۆرژوازی سواری سەریان بێت و هەرچی هەوڵ و خەباتێک کە کراوە، بەفیڕۆ بروات. تا ئەو جێگەیەی بەڕیزەکانی حزب دەگەڕیتەوە، پێویستە رابەران و کادرانی حزب لە هەوڵی بەدەستهێنانی متمانەی جەماوەردا بن، دەبێ ڕۆڵی پێشرەوانەو جەسورانەی خۆیان بگێڕن، بەئاستێک توانای خۆیان بخەنەگەڕ کە خەڵک بتوانێ ئەم حزبە هەڵبژێری و لەدەوری کۆببێتەوە.

# هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی هەرێم و گەڕانەوە بۆ بەغداد!

عوسمان حاجی مارف

بەراستی بابەتێکی سەرنج ڕاکێشە کاتێ لە میدیاکانەوە باس لە هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی هەرێم و گەڕانەوە بۆ بەغداد دەکرێت، هەر بۆیە لەسەر ئەو هەواڵەی بڵاوکرایەوە دەستبەجێ حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەند، بە زویی هاتنە دەنگ و هەواڵەکەیان بە درۆخستەوە.

گەر هەر میدیایەک ئەم بابەتی هەڵوەشاندەوەی حکومەتی هەرێم و گەڕانەوە بۆ بەغداد بەناوی ڕاپرسی خەڵکی کوردستانەوە وروژاندبێت، ئەم هەواڵەش بەفەرمی بەدرۆخرابێتەوە، بەڵام دروستی یا نادروستی ئەم هەواڵە هیچ لەو ڕاستیە ناگۆڕێ کە بابەتێکی لەم چەشنە زەمینەو دەنگۆی تایبەت بەخۆی هەیە. لەهەمانکاتدا ئەتوانین ئەوە دەست نیشان کەین کە لە دوو ئاستدا بەجۆری جیاواز ئەم بابەتە قسەی لەسەر دەکرێت.

هەروەها لە ئایندەشدا شکستی ئەم حکومەتەو هەڵوەشانەوەی ئەگەرێکەو بەدور نازانرێت، بۆیە جێگای باسێکی جدی و سەرنج ڕاکێشە پێویستە قسەی لەسەر بکرێت.

جارێ با لە هەڵوەشانەوەی حکومەتی هەرێم بگەڕێین. سەبارەت بە مەیلی گەڕانەوە بۆ بەغداد، دەتوانین ئاماژە بەو دوو ئاراستەی جیاوازە بدەین.

ئاراستەی یەکەم: پێگەو ڕۆڵی سیاسی حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردایەتیە کە هیچکات بەرژەوەندیەکانیان ئەوەی نەسەلماندوەو نەخواستوە پەیوەندیان بە بەغدادەوە لەق بێت و نەمێنێت. هەروەها نەیانویستوە و نەیانتوانیوە کوردستان لە ناوەند جیا بکەنەوە. بەرژەوەندی حزبەکانیان و حکومەتەکەیان هەمیشە چاوەڕوان و ملکەچی مەرحەمەتی بەغدادو مامەڵەو فروفێل بووە. بەڵام ئاراستەی دووەم بێئومێدی و نارەزایەتی خەڵکی کوردستانە لە حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتی میلیشیایی حزبەکان، کە بەشێکی زۆر لە خەڵکی نارازی، هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی هەرێم و گەڕانەوەی هەرێم بۆ ژێر دەسەڵاتی بەغداد بە ڕێگا چارەیەک دەبینن! بەتایبەتی بەدوای ڕفراندۆمی ٢٠١٧و پاشەکشە لە ڕفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان و پلانی ڕیسوای نێوان حزبەکانی کوردایەتی لە یەکتر. ئەم مەیلەی ناو جەماوەر وەک نارەزایەتیەک فراوانترو بەرچاوتر دەردەکەوێت. بەشێکی خەڵکی پێیانوایە گوزەرانیان لەسایەی حکومەتی عێراقدا باشتر دەبێت! با دەربارەی ئەم دوو ئاراستەیە ڕۆشنکردنەوەیەکی زیاتر بدەین.

ڕۆڵ و پێگەی حزبەکانی کوردایەتی بەتایبەتی پارتی و یەکێتی لەناو هاوکێشە سیاسیەکانی ناوچەکەو عێراقدا هەمیشە لە چاوەڕوانی و هەڵقوستنەوەدا بوون، کە هاوشانی ئاڵوگۆڕە سیاسیەکان و لە ڕوداوەکاندا لەسەر ئەو بنەمایەی چیان دەست دەکەوێت و چ کارێکیان پێدەسپێردرێت! هەڵسورانی سیاسیان ئەنجامداوەو مامەڵەیان کردووە. هەر ئەمەشە کە نمونەی ئەزمونی ئەوپەڕی جەردەیی و تاڵانچێتی و گەندەڵی و ڕیسوایی بون و دەبن. هەر بۆیە شێوازی ئەو دەزگاو حکومەتە شەقوشڕەی کە پێکیانهێناوە هاوتای هەمان ئەو پێگەو نفوزە سیاسیە ڕیسواییانە کە لە ناوەندی ئەوپەڕی سەرگەردانی و گێژاوو ناجێگیری سیاسیدا مامەڵەی پێدەکەن، گێژاوێک کە سی ساڵ زیاترە عێراق و کوردستان و ناوچەکەی داگرتوەو حکومەتەکەیان تەنها بۆ مامەڵەو بازرگانیە، کەی ئەو دەورەی لەدەستدا هەڵدەوەشێتەوە.

هەڵبەتە دانەبران و پابەندبونی پارتی و یەکێتی بە بەغدادەوە وەک دوو هێزی چەکدار و ڕاگرتنی چارەنوسێکی نادیار بۆ ئایندەی کوردستان حاڵەتێکی دوولایەنەی هەیە، یەکەم هەلومەرجی سیاسی عێراق بەدوای ڕوخانی حکومەتی بەعس لە هەمان سەرگەردانی و گێژاوی سیاسیدا قەراری گرت. باڵادەستی هێزە میلیشیا ئیسلامی و تائیفیەکان، عێراقیان دابەشکردو حکومەتی بەشبەشێنەی سەیروسەمەرەیان دامەزراند. بەمانایەک باڵادەستی ناوەندیەتی بۆ حکومەت لە عێراقدا مانایەکی نەما. هیچ هێزێکیش لەو ئاستەدا نەبوەو نیە کە بتوانێ عێراقێکی یەکگرتوو دامەزرێنێتەوە. بۆیە هێزێک و حکومەتێک نیە لە عێراقدا، تا لەئێستاداو بەم زوانە بتوانێ حکومەتی هەرێم هەڵوەشێنێتەوە. حاڵەتی دووەم پێکهاتەی خودی حکومەتی کوردستان و هاوسەنگی و توانایی هێزی پارتی و یەکێتیە کە لەلایەک لەنێو کێشمەکێشی نێوان هێزەکان و دەخالەتی حکومەتەکانی ناوچەکەو ئەو گێژاوە سیاسیەدا، نەک ناتوانن هیچ ڕۆڵێک لەسەر ئارامی سیاسی ببینن، بەڵکو خۆشیان بەشێکن لە خولقاندنی ئەو هەلومەرجە نالەبارەی لە ناوچەکەدا درێژەی هەیە. هەروەها ئەو فەرمانەی بۆیان دیاریکراوە ڕێگەپێدراونیە دەم لەسەربەخۆیی کوردستان بدەن و بەیەکجاری لە بەغداد دابڕێن. مەبەستم لەم دوو حاڵەتەی دۆخی عێراق و کوردستان و پێگەی تەواوی هێزەکان، لە ئێستادا ئەوەیە کە نە حکومەتی عێراق ئەتوانێ حکومەتی کوردستان هەڵوەشێنێتەوە، نە حکومەتی کوردستانیش ئەتوانێ لە بەغداد دابڕێ!

حزبەکانی کوردایەتی لەرێگەی ئەو حکومەتەی بە هەر بەهاو شێوەیەک پێکیانهێناوە، توانیویانەو ئەتوانن پەیوەندی بە بەغدادەوە ڕابگرن و مامەڵەو بازرگانی بە پرسەکانی بودجەو نەوت و هەر شتێکی ترەوە بکەن. ئاشکرایە لەکاتی هەڵوەشانەوەی حکومەتەکەیاندا هیچ پێگەیەکی سیاسیان بۆ نامێنێتەوەو کۆتایی تەمەنی سیاسیان دەبێت. بەگشتی گەر دۆخی سیاسی عێراق و کوردستان هەر ئاڵوگۆڕێکی تیا پێشهاتبێت، هێشتا دەورانی گێژاوو ناجێگیری سیاسی تێنەپەڕاندوە، بۆیە سەوداو مامەڵەو پەیوەندی نێوان هێزە سیاسیەکان، لەلایەک لەسەر ئاستی هاوسەنگی هێزەکانیان وەستاوە، لەلایەکی تریشەوە پێگەو چارەنوسیان ئەو پێشهات و ئاڵوگۆڕانە دیاری دەکات کە بە دەورو دەخالەتی وڵاتانی زلهێزی دنیاو وڵاتانی ناوچەکە لە عێراق و کوردستاندا دەیکەن. واتە بەگشتی دۆخەکە ئەوەمان نیشان ئەدات حکومەتی هەرێم پێگەیەکی لەق و ناجێگیرو ئایندەیەکی نارۆشنی هەیە. بۆیە ئاساییە جاربەجار هەواڵی هەڵوەشانەوەی حکومەتی هەرێم بدرێت بە گوێماندا.

هەروەها بزوتنەوەی کوردایەتیش ئەزمونێکی باشیان هەیە لەسەر پاشەکشەو هەرەسهێنان و هەڵوەشانەوە. گەر بێینە سەر ئەو مەیل و ئاراستەیەی خواستی بەشێکی جەماوەری ناڕازی کوردستان کە لە چاوەڕوانی ئەوەدان حکومەتی هەرێم هەڵوەشێتەوە، هەروەها خوازیاری گەڕانەوەن بۆ بەغداد، ئەم خواست و مەیلە بەرهەمی نارەزایەتی و بێئومێدی جەماوەرێکی بەرینی خەڵکە لە حزبەکانی کوردایەتی و دەسەڵاتی بنەماڵەو حکومەتەکەیان بە ئۆپۆزیسیۆنەکەشیانەوە. ڕاستە زۆرینەی خەڵکی کوردستان دەنگیان بە جیابونەوەو سەربەخۆیی کوردستان داوە، بەڵام ئەو دەنگدانە بەو ئومێدەی کۆتایی بە سەرگەردانی سیاسی و دابینکردنی ژیانێکی باشتر بێت. بەڵام لە١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ حزبەکانی کوردایەتی تەواو بودەڵەیی و سیاسەتی پیلانگیریان کەوتە سەربەڕەو دوخێکی نالەبارتریان خستە سەر ئایندەو ژیان و گوزەرانی خەڵکەوە.

لەدنیای واقعدا ئەم جۆرە خواستە لە نارەزایەتی جەماوەریدا حاڵەتێکی نەرێنی و نەگونجاو نەخوازراومان نیشان ئەدات. هەروەها هەمان ئەزمونی ڕوخانی حکومەتی بەعس دێنێتەوە بەرچاومان کە بەدەورو نەخشی بەرژەوەندی سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئەمریکا کۆتایی بە پێگەو دەسەڵاتی بەعس هێنرا. بەڵام دواتر دیمان ئاکامەکانی دەخالەتی ئەمریکا بەجیا لە وێرانکاری و کارەساتەکانی، بێئیرادەکردنی دەورودەخالەتی خەڵکی نیشاندا بۆ گەیشتن بە ئاوات و خواستەکانیان. لەهەمانکاتدا ئەوە سێ دەیە زیاترە کە دەردەسەری و ئاوارەیی و نائارامی و گێژاوی سیاسی ژیانی خەڵکی کوردستان و عێراقی داگرتووە.

ئەو لایەنەش کە بەرچاوە بەو ئاستەی خەڵکی کوردستان ناڕازیە لە حکومەتی هەرێم و حزبەکانی دەسەڵاتدار، ئەوەش شاراوەنیە کە بە هەمان ئاست و بگرە زیاتریش خەڵکی عێراقیش ناڕازیە لە حکومەتی عێراق و حزبەکانی. پێویستە ئەزمون و ئیرادەی خەڵکی کوردستان لەوە واوەتر بێت کە چاوەڕێی هێزێکی دەرەکی بکات تا لەدەست تاڵانچێتی و جەردەیی و کەڵەکەی سەرمایەو ڕسوایی حزبەکانی کوردایەتی ڕزگاریان بکات. تەنها ڕێگا هاتنە مەیدان و خۆرێکخستن و ئەزمونکردنی دەسەلاتی سەربەخۆی جەماوەریە.

دیارە دوای سی ساڵ زیاتر لە کێشانی ئەشکەنجەو ئاوارەیی و سەرگەردانی و هەژاری لەسایەی دەسەڵاتی بنەماڵە و پارتی و یەکێتی و هاوپەیمانەکانیان لە ئیسلامی سیاسی، بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانە کۆتایی بە حکومەتی هەرێم بهێنرێت، بەڵام ڕێگا چارە نەک گەڕانەوە نیە بۆ ژێر دەسەڵاتی دەستەو تاقمی ئیسلامی و تائفی و عروبە، بەڵکو ئەرکمان لەهەمانکاتدا پشتیوانیکردنی خەڵکی ناڕازی عێراقە بۆ کۆتاییهێنان بە حکومەتی عروبەو ئیسلامی و تائیفی، لەهەمانکاتدا پێداویستی خەباتی هاوبەشمانە بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی حزبەکانی کوردایەتی و بەجێگەیاندنی خواستی جیابونەوەو سەربەخۆی کوردستان لە ڕێگەی دامەزراندنی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی خەڵکەوە، نەک گەڕانەوە بۆ ژێردەسەڵاتی بەغداد.

★

- **بژی ٨ ی مارس رەمزی خەبات بۆ یەکسانی هەمەلایەنەی نێوان ژن و پیاو!**
- **خەباتی ژنان بۆ یەکسانی و ئازادی بەخەباتی چینی کرێکارەوە بۆ یەکسانی و دامەزراندنی دنیایەکی باشتر گرێدراوە!**
- **حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان خەبات دەکات بۆ بەدیهێنانی یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان و پیاوان!**

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com
سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**
00964(0)7701521043
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk
ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com

## بەیاننامەی حزبی حیکمەتیست (خەتی ڕەسمی)

# کۆمۆنیستەکان و پێشهاتەکانی ئێران

# ئامادەکاری بۆ شەڕی کۆتایی

ڕاپەڕینی جەماوەری بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی کە پێی ناوەتە چوارەمین مانگی خۆیەوە، درێژەی نارەزایەتییەکانی ساڵانی ڕابردوو، نارەزایەتیی کرێکاران، مامۆستایان و خانەنشینان، قوتابیان، ژنان و چین و توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگا و ڕاپەڕینەکانی مانگی ڕێبەندانی ٢٠١٦ و تشرینی دووەمی ٢٠١٨یە. ئەم ڕاپەڕینە ململانێی چینی کرێکار و خەڵکی بێبەشی لەگەڵ حکومەتدا بردۆتە قۆناغێکی نوێوە، قۆناغێک کە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی بەهێزی خوارەوەی کۆمەڵگا و دابینکردنی داواکارییە سەرەکییەکانی خەڵکی ئازادیخواز لە ئێران، هەر لە هەڵوەشاندنەوەی جیاکاری ڕەگەزی، ئازادییە سیاسییەکان و خۆشگوزەرانی گشتییەوە تادەگاتە ئیدارەی کۆمەڵگا لەلایەن خەڵک خۆیان و ئۆرگانەکانی دەسەڵاتداریتی خەڵک، لەسەر ئاڵاکەیان هەڵکەندراوە.

ئەم بزووتنەوەیە تائێستا دەستکەوتی گەورەی بەدەستهێناوە و چەندین سەنگەری گرنگی بۆ پێشڕەویی خۆی داگیرکردووە. ئازادیی جلوبەرگ، هەڵوەشاندنەوەی بەکردەوەی ئاپارتایدی جنسی، بوونی ئازادی ژنان بەپرسێکی سەرەکی لە کۆمەڵگادا، پاشەکشەکردن بە کەلتوور و نەریتی ئیسلامی و دژە ژن، ئازادیی گردبوونەوە و نارەزایەتی دەربڕین، هەڵوەشاندنەوەی " گەشتی ئیرشاد"، بەهێزبوونی هاودەنگی و هاوچارەنوسی سەراسەری خەڵکی بێبەش و... پاشەکشەکردن بە مەیلە نەتەوەیی و ناسیۆنالیستی و ناوچەگەری و دینییەکان، قوڵبوونەوەی هۆشیاری سیاسی خەڵک بەرامبەر بە بزووتنەوە و هێزە سیاسییەکان و ئەو ئایندەیەی کە دەیانەوێت، روخاندنی دیواری ستەمکاری و ملهوڕیی حکومەت و پەرەگرتنی گومان و دوودڵی، درزو کەلێن لەنێو ڕیزەکانی هێزەکانی حکومەتدا، بەدەستهێنانی متمانە بەخۆبوونی نەوەی گەنجان و خەڵکی بێبەش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی حکومەت و...، لە دەستکەوتەکانی ئەم قۆناغەن. بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە تا ئەمڕۆش بە هەڵکردنی ئاڵای یەکسانی و ئازادیی ژنان، هێزێکی جددی بە بزووتنەوەی مافی ژنان لە ناوچەکەدا بەخشیوە و لەسەر ئاستی جیهانیش، هاوسۆزی شتیی خەڵکی ئازادیخواز و بەتایبەت ژنان و چینی کرێکار و زەحمەتکێشانی بۆ خۆی ڕاکێشاوە.

لەژێر گوشاری رادیکالیزمی ئەم بزوتنەوەیەدا، ڕیزەکانی بۆرژوازی چ دەسەلاتدار و چ ئۆپۆزسیۆنی ڕووبەڕووی ڕیزبەستن و دووبەرەکی نوێ بوونەتەوە. دابەشبوون لە حکومەتدا لەسەر چۆنیەتی تێپەڕاندنی ئەم قەیرانە و دابەشبوونی ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوازی لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردنە لەگەڵ شۆڕشی داهاتوو و ڕادیکالیزمەکەی و لەوانەش دەرئەنجامەکانی.

### کۆماری ئیسلامی و بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە

کۆماری ئیسلامی سەرەڕای خۆگیفکردنەوەو سەرکوتکردن، پڕوپاگەندە و سازکردنی دۆسیە بۆ خۆپیشاندەران، هەوڵدەدات ئەو پاشەکشانەی بەسەریدا سەپێنراوە لە قاڵبی "چاکسازی لە سەرەوە" و "لێکدانەوەی نوێ بۆ یاسا ئیسلامییەکان" بخاتەڕوو . ئەمەش بەواتای سەپاندنی هاوسەنگییەکی نوێی هێزە لە نێوان سەرەوە و خوارەوە بەسەر حکومەتدا بۆ ئەوەی خۆی لەگەڵ هەلومەرجی نوێدا بگونجێنێت.

کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدات کە کەمبوونەوەی نارەزایەتیەکانی سەرشەقامی نەوەی گەنج و گۆڕینی ناوەندی شارەکان بۆ پایەگای سەربازی، وەک پێشڕەویی ڕژێم و شکستی ئەم بزووتنەوەیە بۆ گێڕانەوەی متمانە بەهێزە سەرکوتگەر و لەرزۆکەکەی بەرامبەر بە هێرشی خەڵک، نیشان بدات. ڕیزی تێکشکاوی حکومەت سازبکاتەوەو خەڵکی ئازادیخوازیش چاوترسێن بکەن. درێژەی دەستگیرییەکان و لەسێدارەدانی ژمارەیەک لە ناڕازییان و هەرەشەکانی دەزگای دادوەری و ناوەندەکانی ڕاگەیاندن و ئامێری پروپاگەندەی ڕژێم بۆ ڕاگەیاندنی شکستی بزووتنەوەی نارەزایەتی خەڵک و ناوزەدکردنی بە "پیلانگێڕی" حکومەتەکان و هێزە دەرەکییەکان ، هتد.. بڕیارە پەردەیەک بێت بۆ داپۆشینی شکستی سیاسەتی سەرکوتکردن، بۆ پاشەکشەی دەسەلات لەبەردەم خەڵکدا، بۆ هاوسەنگی هێزی نوێ لە نێوان خوارەوەو سەرەوە و لەسەر کەلێن و گومان و لەرزینەکانی ناو ڕیزەکانی حکومەت!

سەرهەڵدانی ئەم دەورەیە، لێکترازانی ڕیزەکانی هێزەکانی حکومەتی خێراتر کردووە. ئەگەر لێکترازانی ڕیزەکانی خوارەوە گۆڕاوە بۆ وازهێنان لە ڕیزەکانی هێزە سەرکوتگەرەکان، ئەوا لێکترازان لەناو پلەو کەسایەتییە سەرەکییەکانی حکومەتی دوێنێدا، وایکردووە ئەوان بچنە ڕیزی ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوازی و ڕاسترەوەوە.

قەیرانی قووڵی ئابووری، هەلاوسان، دابەزینی بەهای ڕیال بەرامبەر دۆلار و بەرزبوونەوەی

ڕۆژانەی تێچووی پێداویستییەکانی ژیان، هەژاری و نەهامەتی بەربڵاو لەپاڵ کۆمەڵگایەکی ناڕازی و هاوسەنگییەکی گۆڕاوی هێز بەقازانجی چینی کرێکار و خەڵکی ئازادیخواز، قووڵبوونەوەی قەیرانی سیاسی و تەشەنەکردنی بزووتنەوەیەکی جەماوەری بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنوسی کۆماری ئیسلامیدا کردوێتە کارێکی حەتمی.

## ئۆپۆزسیۆنی ڕاست و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە

توندتربوونی قەیرانی سیاسی لە کۆمەڵگا و مشتومڕی ڕووبەڕووی خوارەوە لەگەڵ سەرەوەدا لەسەر ڕووخان یان مانەوەی کۆماری ئیسلامی، مشتومڕی چۆنیەتی ڕووخان و جێگرتنەوەی کۆماری ئیسلامی کردوێتە بابەتێکی بەپەلە لەنێو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆندا.

ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوازی و ڕاستڕەو، ترساو لە شۆڕشی ڕادیکاڵ و جەماوەریی خەڵک، بەسیاسەتی گۆڕینی ئەم ڕاپەرینە بۆ هۆکارێکی فشار لەپێناو سیناریۆکانی وەک "گۆڕینی ڕژێم"، "شۆڕشی مەخمەلی"، پێکهێنانی ". لۆیە جیرگە" و دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە سەرەوە، هاتونەتە ناو گۆڕەپانەکەوە.

ناسیۆنالیستە مەزنخوازەکانی ئێران وەکو "شۆڕشگێڕ!"ە سەرسەختەکان لە میدیاکانی خۆیاندا تەپڵی "شەڕ.. شەڕ.. تا ڕووخاندن" لێدەدەن. کەسایەتیە ناسراو و نەناسراوەکان خۆیان وەک "سەرکردە" و "ڕزگارکەر"ی خەڵک نیشان دەدەن و لەهەمانکاتدا لە کۆریدۆرەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا و بەتایبەت ئەمریکادا، هەوڵدەدەن هێز و توانای خۆیان وەک بەدیلێکی خوازراو بۆ ڕۆژئاوا نەک هەر لەبەرامبەر کۆماری ئیسلامی دا، بەڵکو بەرامبەر ئەڵتەرناتیڤی چەپگەرا و ئازادیخوازانەی "ئیدارەی شورایی" نیشان بدەن.

ڕۆڵی هێزە ڕاستڕەوەکانی دیکەی ئۆپۆزسیۆن، لە حیزبە ناسیۆنالیستیە کوردیەکانەوە تا دەگاتە نەتەوەیی-ئایینی، لیبراڵ و هتد، لە پەراوێزی ناسیۆنالیزمی مەزنخوازی ئێرانی بە ڕێبەرایەتی ڕەزا پەهلەوی، مانا پەیدا دەکات.

نامۆبوونی تەواوەتی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستڕەو و بۆرژوازی، لە ناسیۆنالیزمی مەزنخوازی ئێرانییەوە بۆ ناسیونالیزمی کوردی و... لەگەڵ ئەم بزووتنەوە و ئامانجە ئازادیخواز و یەکسانیخوازەکانی، بەتایبەت پرسی یەکسانی ژنان، لەلایەکەوە و دیاربوونی سیناریۆی ئۆپۆزیسیۆنی ڕاست بۆ خراپ کەڵکوەرگرتن لەم بزوتنەوەیە لەپێناو گرتنەدەستی دەسەڵات لەسەرەوە لەلایەکی دیکەوە، گرنگترین فاکتەری شکستی ئەم هێزانە بوو لە ڕاکێشانی سەرنجی خەڵکی ناڕازی لە ئێران، بەتایبەت ئەو نەوە گەنجەی کە شەقامەکانیان خستبوە ژێردەستی خۆیانەوە.

شکستەکانی تائێستای ئۆپۆزسیۆنی ڕاست، ئەگەر لەبنەڕەتدا بەهۆی دژایەتی ئامانجەکانی لەگەڵ خواستەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستا و وەڵامی نەخێری کۆمەڵگا بێت پێی، ئەوا لەلایەکی دیکەوە هۆکارەکەی نەبوونی متمانەی حکومەتەکانی ڕۆژئاوایە بەهێز و توانای ئەم ئۆپۆزسیۆنە بۆ کۆنترۆڵکردنی بارودۆخی شۆڕشگێرانە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕادیکالیزمی ناو بزووتنەوەکەو دواجاریش بۆ شکستپێهێنانی شۆڕشی داهاتووە.

وڵاتانی ڕۆژئاوا ئەزموونی شۆڕشی ١٩٧٩، کە سەرەرای سیناریۆی هاوبەشی کۆنەپەرستی ئیسلامی و وڵاتانی ڕۆژئاوا بنیاتنراو لەسەر "پەیوەندیکردنی سوپا بە شۆڕشەوە"، بە دەرچوونی کۆنترۆڵ لەدەستیان، بە ڕاپەڕینێکی چەکدارانە و چەکداماڵینی سوپا تەواو بوو! پێکهێنانی شورای کرێکاری و چەکدارکردنی خەڵک و سەختییەکانی کۆنەپەرستی ئیسلامی بۆ چەک کردنیان و شکاندنی بەرخۆدانی خەڵک کە ساڵانێکی زۆری خایاند، لەبیر ماوە! ئەمەش هۆکاری بێمتمانەیی ئەوانە لە دووبارەکردنەوەی سیناریۆی ڕابردوو.

بەپێچەوانەی تێگەیشتنی منداڵانەی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستڕەوەوە، ڕووبەڕووبوونەوەی ڕادیکالیزمی کرێکاری و بزووتنەوەیەک کە تا ئەمڕۆش بەرەنگاریان بووەتەوە، ململانێکانی داهاتوو ئاڵۆزتر دەکات و سەرکەوتنیان زۆر لە سەرکەوتنی کۆنەپەرستی ئیسلامی قورستر و نامومکین دەکات.

هۆکاری بێمتمانەیی وڵاتانی ڕۆژئاوا بەم ئۆپۆزیسیۆنە و بینینی کۆماری ئیسلامی وەک تاکە بژاردەی بەردەست بەرامبەر ئالوگۆڕێکی شۆڕشگێڕانە لە خوارەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەم ڕاستیانە.

ئەم ڕاستیانە لەپاڵ ڕادیکالیزمی ڕاپەڕینی ئەم دواییە و ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە بەدیلێک کە ئۆپۆزسیۆنی ڕاستڕەو دەیخاتە بەردەم کۆمەڵگا، ڕاگەیاندنی ئاشکرای "نا" لەلایەن چین و توێژە جیاجیاکانی خەڵکەوە بۆ "سەرکردە" داتاشینی ئەم هێزانە، نەفرەتی خەڵک لە دەستوەردانی وڵاتانی ڕۆژئاوا وەک ئەنجامدەرانی شەڕ و وێرانکاری لە ناوچەکەدا، ڕیزی بەرواڵەت یەکگرتووی ئەوانی تووشی پرشوبڵاوی کردوە.

ئەم ڕاستیانە باڵی ڕاستی توندڕەوی ناسیۆنالیستە مەزنخوازەکانی بەڕێبەرایەتی ڕەزا پەهلەوی ناچارکرد وەکو بزووتنەوەیەکی فاشیستی، ئەوپەڕی ڕاست، دژە کرێکاری و دژە کۆمۆنیستی خۆی دەربخات کە تەنانەت ئامادە نییە ئیمتیاز بە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی دیکەی بۆرژوازی بدات. لەژێر فشاری ئەم ڕادیکالیزمەدا ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوازی ڕووبەڕووی دابەشبوون و کێشەی جددی بووەتەوە.

موجاهید وەک دەستەیەکی مەزهەبی، بزووتنەوەیەکی دژە کۆمەڵایەتی و باندێکی ڕەش، سەرەڕای لۆبییەکی بەهێزو پارە و ئیمکاناتێک کە خراوەتە بەردەستی، تا ئێستا هیچ شانسێکی نییە لە پێشهاتەکانی ئێستای ئێراندا

جێگەیەک بگرێت. ڕادیکالیزمی ئەم بزووتنەوەیە، دیاردەی یەکسانی ژنان، بوونی کۆمۆنیزمی ڕێکخراو و هوشیاری قووڵی کۆمەڵگا وایکردووە کە ئەم ڕەوتەو "سوپا ئازادەکەی" شانبەشانی کۆماری ئیسلامی شانسێکیان نەبێ لە بە سووریاکردنی ئێران و بگرە مەحاڵیش بێت.

**کۆمۆنیستەکان و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە**

بزووتنەوەی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی، کە ئازادی ژنان پرسی سەرەکیە تێیدا ، زیاتر لە هەموو قۆناغەکانی دیکە مۆری ئازادی و یەکسانی کرێکاری لێدراوە.

سەرکەوتنی بزووتنەوەی ئێستا بەندە بە دەوری جدی کۆمۆنیستەکان لە پێشهاتەکانی ئێستادا، بە هەوڵەکانیان بۆ تێپەڕاندنی ئاستەنگ و ڕێگریەکان، بە دیاریکردنی تاکتیک و ئاسۆی سەرکەوتنەکەی و دابینکردنی سەرکردایەتی ناوچەیی و سەراسەری، دەورێک کە بتوانێت سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوەیە و ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی مسۆگەر بکات و چینی کرێکار و کۆمۆنیستەکان بخاتە باشترین پێگە بۆ ڕزگاری سۆسیالیستی.

پرۆسەی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی لە شۆڕشی ١٩٧٩ ئاڵۆزتر دەبێت و لە چوارچێوەی بارودۆخی نوێی جیهان و ناوچەکەدا جیاواز لە شۆڕشی ١٩٥٧، ڕووبەڕووی مەترسیی دیکە دەبێتەوە. پێویستە بە چاوی کراوەوە پێشوازی لەم قۆناغە بکەین و کۆمەڵگا لە مەترسییەکانی ڕەوتی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی بپارێزین و سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوەیە مسۆگەر بکەین.

**حیزبی حیکمەتیست (خەتی ڕەسمی) لەم بارەوە ڕایدەگەیەنێت:**

ئەلیف- جێگیرکردنی دەستکەوتەکانی تائێستای خەڵک دژی دەسەڵات، گۆڕەپانی ململانێی جیددی ئەم قۆناغەیە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و هەموو هێزە ڕاست و کۆنەپەرستەکاندا. هەوڵدان بۆ جێگیرکردنی ئەم دەستکەوتانە، زیاتر ڕۆشتن لە سەرکەوتنەکانی تائێستا و سەپاندنی پاشەکشەی زیاتر بەسەر دەسەڵاتدا، لەوانە ئازادکردنی دەستگیرکراوەکان و هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان، داننان بە مافی نارەزایەتی و گردبوونەوە و ڕێکخراوبوون، ئازادیی ژنان، کۆتاییهێنان بە کەشوهەوای سەربازی لە شوێنی کار و ژیان، گۆڕەپانی سەرەکی خەباتی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەیە لە دژی کۆماری ئیسلامی.

ب: قەیران و چەقبەستوویی ئابووری سەرمایەداری لە ئێران و بێتوانایی بۆرژوازی لە چارەسەرکردنی، فراوانبوونی هەژاری و نەهامەتی لە کۆمەڵگادا، قەیرانی وزە، هەلاوسان، گرانی ، بێکاری، ئاسۆی دەستپێکردنەوەی خولێکی دیکەی نارەزایەتی کرێکاران و کەرتە بێبەشەکانی دیکەی کۆمەڵگا بە گوژمێکی گەورەتر لە پێشوو لەبەردەم دەسەڵاتدا داناوە. ئامادەیی بەهێز و یەکگرتووی چینی کرێکار بەخواستی خۆشگوزەرانی و ئازادیەوە، بە دروشمی ئیدارەی شوراییەوە، دەتوانێت، هاوکات لەگەڵ پێشگرتن بە هێرشی بۆرژوای بۆسەر کۆمەڵگا، بەدیلی ئەم چینە لەبەرامبەر ئەڵتەرناتیڤی کۆنەپەرستانەی بۆرژوازی دابنێت و چینی کرێکار و جەماوەری ئازادیخواز لەدەوری یەکگرتوو بکات.

ج- کەم دەردیسەرترین ڕێگا بۆ کۆتاییهێنان بە تەمەنی حکومەت، ڕووخانی کۆماری ئیسلامییە لەڕێگای تێکشکاندنی ماشێنی دەوڵەت و هێزە سەرکوتکەرەکانی لە ڕێگەی ڕاپەڕینێکی جەماوەرییەوە. وەستانەوە بەرامبەر بە هەر جۆرە بەندوبەستێک لە سەرەوە بە ئامانجی بەلاڕێدابردنی نارەزایەتیە جەماوەرییەکان لەلایەن ئۆپۆزسیۆنی ڕاست و دەستوەردانی دەوڵەتە کۆنەپەرستەکان و ئاشکراکردنی پلان و سیاسەتەکانیان یەکێکە لە ئەرکە جددیەکانی کۆمۆنیستەکان لەم قۆناغەدا.

د: بەرەنگاربوونەوەی هەر جۆرە سیاسەتێکی تەفرەقە نانەوە لە نێو خەڵکی ئازادیخوازدا بە ناوی نەتەوە، ئایین، یان بەناوی "یەکپارچەیی خاک"، جا لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بێت یان ئۆپۆزیسیۆنی ڕاسترەو، یەکێکە لە ئەرکە جدییەکانی ئێمە.

ە: لەئارادابوونی پرسی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی، ململانێی نێوان ڕاست و چەپی کۆمەڵگا لەسەر شێوازی ڕووخان و بەدیلی حکومەتی لە لوتکەی پرسەکانی ئەم قۆناغەدا دادەنێت. بە بێ گەرەنتیکردنی پیادەبوونی ئیرادەی جەماوەری شۆڕشگێڕ لە ڕێگەی شورا جەماوەرییەکانەوە ناتوانرێ سەرکەوتن مسۆگەربکرێت. هەوڵدان بۆ گۆڕینی "کۆنگرەی سەراسەری شوراکانی خەڵک" بە ئالا و ئەڵتەرناتیڤی خۆشەویستترین و موعتەبەرترین و ڕادیکاڵترین ڕابەرانی بزووتنەوەی کرێکاری، ژنان، نەوەی گەنج و خەڵکی ئازادیخواز، ئەرکی جددی ئێمەیە لەم قۆناغەدا.

و: هەوڵدان بۆ یەکخستنی کۆمۆنیستەکانی چینی کرێکار، بەهێزکردنی تەحەزوبی کۆمۆنیستی ئەم چینە، هەوڵدان بۆ نزیککردنەوەی ڕادیکاڵترین و کاریگەرترین ڕابەرانی کۆمۆنیست لە حیزبی حیکمەتیست (خەتی ڕەسمی) و گۆڕینی پێگەی ئێستای حیزب و بوون بە چەترێکی فراوان بۆ هەر شۆڕشگێڕێک کە خوازیاری ڕووخاندنی یەکجارەکی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، مەرجی سەرکەوتنی ئێمەیە لەم قۆناغە چارەنووسسازەدا.

ئێمە بانگهێشتی هەموو کۆمۆنیستەکان، هەموو ئەوانەی کە خوازیاری ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتین، دەکەین کە بەشداری ئەم هەوڵە گەورەیە بکەن.

**٢٠ی جەنیوەری/ کانونی دووەم ٢٠٢٣**